www.kurdistannet.org
17-4-2003 20:31

# چونە دەرەوەی هێزەکانی هاوپەیمان لە عێراق، مەرجی سەلامەتی و ئەمنیەتی خەلکی یە

**عوسمان حاجی مارف**
ghafur@ukonline.co.uk

حیزبی بەعس پاش ٣٥سال لە حوکمی سەپینراو و زالمانە و وەحشی گەری بەسەر خەلکی عیراقدا کۆتایی دەسەلاتی سیاسی هات، سەرکردەکانی پاش شکستیان و دارمانی دەسەلاتیان لە بەرامبەر هیرشی دەولەتی ئەمریکادا بەبێ ئاگاداری خەلکی بە شیوەیکی نادیار و نەزانراوە وون بون.

کۆتایی ئەم شەرە بەربەریە شکستیکی گەورە بۆ حکومەتی صەدام و ناسیونالستی بەعسی لە ریگەی بە قوربانی بونی خەلکیکی زۆری بێ تاوان و دارمانی بنەمای کۆمەلایەتی لە عیراقدا، لە هەمان کاتدا دەستکەوتیکی سەربازی گەوەری بۆ دەولەتی ئەمریکا تۆمار کرد، فرسەتی زیاتری دا بە ئەمریکا بۆ فەرزکردنی زلهیزی و ملهوری خۆی بەسەر جیهاندا و هەنگاو نان بۆ بەجێگەیاندنی نەخشەکانی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، بە مانایەك نەزمی نوێی جیهانی و شەرو مەترسی دەولەتی ئەمریکا لە بەرامبەر جیهان و ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست پێی ناوەتە قۆناغیکی ترەوە.

حیزبی بەعس و صەدام و دەستەو تاقمکەی لە ماوەی تەواوی دەسەلاتیان بە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالستی عەرەبیەوە گەورەترین کابوس و خولقینەری فەزای دژی بەشەریی و پێشیل کەری سادەترین مافی ئینسان بوون، تا دواین رۆژەکانی ژیانی دەسەلاتداریان سەدان هەزار بونە قوربانی و ژیانی چەندان ملیونیان لە مەترسی مەرگدا راگرتبوو. گەورەترین دەوریان بو لە بێ ئیرادەکرن و زەلیل کردنی خەلکی، بە هیچ شیوەیەك کەمترین فرسەتی ریگەی بەشداری خەلکی بۆ هەلسورانی سیاسی و بەشداری لە دەسەلاتی سیاسیدا نەهیشتبووەوە. دەنگی ئازادی بە درندەترین شیوازی سەرکوت کپ کرابوو.

ئامانجی هیرشی ئەمریکا هەر لەسەرتاوە تا سەرکەوتنی سەربازی بە ئاشکرا خۆی نواند کە هیچ پەیوەندیەکی بە رزگار بونی خەلکی عیراقەوە نەبووە و لە پیناو پەجێ گەیاندنی نەزمی نوێی جیهانی و سەپاندنی تاکە زلهیزی خۆی و کۆنترۆلی جیهاندا، عیراقی کردە نیشانەیەك تا چەك و هیزە سەربازیەکانی تیا تاقی کاتەوە و وولاتێکی وویران کراو کوشتاری بە کۆمەل بە دنیا نیشان بدات، بۆم بارانی خەلکی و شەری سەربازی لە نیۆ شوێنی ژیان و شەقامی شارەکاندا کارەساتی دژی ئنسانی بەبەر چاوی خەلکی و نیشاندانی لە شاشەی تەلفیزیونەکانەوە چاوترسینی رەقیبەکانی بکات و بالادەستی بنوێنێ، ئاکامی سەرکەوتنی سەربازی ئەمریکا بە جێ هیشتنی کەلاوەی وولاتیکی وویرانکرا و لیکترازانی شیرازەی کۆمەل و تیکدانی بنەما ئابووریەکان و بێ سەرو بەری و تالانی و کوشتار و ئاژاوە و نا ئەمنی وەك دیاریەك بۆ خەلکی عیراق رەمزی رزگاری و "دیموکراسی" بوو.

ئیمە ئیستا لە سەرەتای کۆتای شەریکی مالویرانکەردایین و روداوەکانی رۆژانە مەترسی گەورەمان پێ نیشان ئەداو ئاکامەکانی رۆژ بەرۆژ زیاتر و زیاتر لەسەر خەلکی عیراق تەواو دەبێت و خەلکی بەرەو رووی مەترسی و چارەنوسی سیناریویەکی رەشتر و خویناوی تر دەکات.

سیناریوی جەنگ و هینانە ناوەوەی حاکمیەتی عەسکەری و دەستەو تاقمی ئەمریکایی بە ناوی ئپۆزیسیونی عیراقی، دوبارە لە چوارچیوەی هینانە ئارای جۆریك لە دەسەلاتی سیاسی یە کە بە بێ دەور و ئیرادەی خەلکی بەرێی دەخەنەوە، هەرەشەیە لە ژیان و حالی خەلکی و لە هەر دەور و دەخالەتێ کە خەلکی بۆ دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان هەول بدەن، هەروەها لە سەر زەمینەی لیك ترازانی بنەمای کۆمەلایەتی و پیك هاتنی بۆشایی لە دەسەلاتی سیاسیدا خەلکی لە بەردەم کارەساتی سامناکتردا رادەگرن، و خەریکی هاندان و ئاگر خستنە ژیر خۆلقاندنی شەری ناوخۆی و تالانی و کوشتنی تۆلەن لە نیوان خەلکی و ژیانی خەلکیدا، کە پاش دارمانی دەسەلاتی بەعس سەرگەرادانی و نائەمنی و فەزای ترس و شیواوی وەهایان هیناوە بە دیاری کە ریکخستنەوەی کۆمەلکەی عیراقیان خستۆتە بەر دەم ئایندەیەکی نادیار و بێ چارەوە.

جەنگی خویناوی و پر کارەساتیك کە ئەمریکا لە عیراقد بەرپای کرد و نەخشەکانی پیادەکردنی نەزمی نوێی جیهانی هۆکاری سەرەکی تەواوی کیژاو مەینەتی و نائەمنی و سەرگەردانی خەلکی عیراقە، کە بەردەوامی و دریژەدانی نەخشە و سیاسەتەکانی ئەمریکا و مانەوەی هیزەکانی لە عیراقدا مانای دریژەدانی هەموو ئەو مەینەتیانەو و رودانی ترژیدیای ترە بەسەر خەلکیەوە

**وەزعیەتیکی ئالۆزو نالەباری بێ وینە کە بۆ خەلکی عیراق پیش هاتووە، تەواوی هیزوو لایەنە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسونی بورجوازی عیراق نەك بێ دەسەلاتن لە ئاستی ئارام کردنەوەی ئەو وەزعیەتەدا بەلکو هەموو تەرح و حەرەکە و هاوپەیمانیان لە گەل ئەمریکادا خەستکردنەوەی زیاتری سەرگەردانی و سیناریوی رەشە. ئاسۆیەکی سیاسی کە گرێ درابێ بە نەزمی نوێی جیهانی و نەخشەکانی ئەمریکاوە لە هەمان ئاکامی کە دوای تیك شکانی حکومەتی عیراق دیمان باشتر ناخاتە بەر چارەنوسی خەلکی عیراقەوە.**

**مانەوەی هیزەکانی هاوپەیمان لە عیراقدا هۆی بەردەوامی وەزعی نالەبار وسەرگەردانی و تالانی و نا ئەمنییە بۆ خەلکی، چۆن سەپاندنی شەری مالوێراکەری ئەمریکا بەسەر عیراقدا ئامانجیان رزگاری خەلکی عیراق نەبوو، لە هەمان کاتدا مانەوەی هیزەکانی هاوپەیمان ئامانجیان ریکخستنەوەی پیداویستی سەلامەتی و ئەمنیەت و خۆشگوزەرانی خەلکی نییە و نابێت، و خەریکی هەلگیرسانی ئاشوبی نەتەوەگەرین و تەرحی فیدرالیزمە کرندنی عیراقیش مانای پیکدادان و شەری کورد و عەرەب و تورکمان و شیعە و سونی. . مانای پیکەوە نە ژیانیکی ئاسودەیە بۆ خەلکی. تا هیزەکانی هاوپەیمان پێیان لە عیراقدا بمینێ دابین کردنی کۆمەلگەیەکی جێگیر و ئارام زۆر بەگران لەسەر خەلکی تەواو دەبێت و رۆژانە خەلکی باج و قوربانیەکانی ئەدات، چونکە دەولەتی ئەمریکا هەر بەم ریگەیە دەتوانێ بالادەستی و بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیەکانی خۆی بپاریزێت.**

**خەلکی عیراق تا لە بەر لافاوی سیناریوی رەشدا فەلاکەت بارتر نەبن، دەبێ ریزی بەرینی نارەزایەتیان بەرێ بخەن و داوا بکەن هیزەکانی ئەمریکا لە عیراق برۆنە دەرەوە، جەماوەری خەلکی عیراق دەبیت هەرچی زووترە خۆیان لە ریکخراوەی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆیان لە وینەی شورکاندا ریك بخەن و دەست بەجێ بەریوەبەرایەتی شارەکان و پاراستنی سەلامەتی هەموو دانیشتویەکی ناو عیراق بگرنە ئەستۆ، حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق لە ریزی پیشەوەی خەلکی عیراقدایە و رابەرایەتی ریکخستی جەماوەری دەکات بۆ پاراستی ئازادی و سەلامەتی و ئەمنیەتی ژیانی خەلکی.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.